٣

حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# خوێندنی کوردی

قۆناغی بنەڕەتی | پۆلی سێیەم

وەرزی دووەم



حکومەتی هەرێمی کوردستان - عێراق
وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# خوێندنی کوردی

## قۆناغی بنەڕەتی – پۆلی سێیەم

## وەرزی دووەم

### لیژنەی دانان

صادق احمد عثمان
ناهدە رحمان ابراهیم
عبداللە حسن قادر
اسماعیل محمد عبدالله
گوڵناز حمدأمین عزیز
سلیم علی عمر خالد
احمد علی محمدأمین

نەمام جلال رشید
رشید مصطفی عبدالله عمر
محمود عبدالکریم قادر
سعدی حمەعزیز حمەشریف
چیمەن محمود عبدالله
اسعد عزیز محمد
خلیل حمدأمین خضر

ئاوات ابوبکر أحمد محمد
پەروین محسن عبدالرحیم
انور عارف حسین
بیان أحمد رشید
ئەژین صالح أحمد
حسێن علی محمد

چاپی دووەم ١٤٤٤ کۆچی ٢٠٢٣ زاینی ٢٧٢٣ کوردی

**هەڵسەنگاندنی زانستی**
١- د. صباح رشيد قادر
٢- د.ابراهيم قادر محمد

**هەڵسەنگاندنی دەروونزانی**
يوسف عثمان حمد

**نەخشەسازی**
نەجمەدين جبرائيل ئەسعەد (بيری)

**سەرپەرشتی زانستی چاپ**
چيمەن كريم حمە امين
ناهدە رحمان ابراهيم

**سەرپەرشتی هونەری چاپ**
عوسمان پيرداود كواز
خاليد سەليم محمود

**تابلۆی بەرگ و نيگارەكان**
ئاريان عبدالخالق

**نەخشەسازی بەرگ**
ئاری محسن أحمد

**تايپيست**
كاژين أحمد حسن

**جێبەجێكردنی بژاری هونەری**
نێرگز نورالدين كاكە مصطفى

ناوی قوتابی: ........................................................

پۆل و هۆبە: ........................................................

ناوی قوتابخانە: ........................................................



# نەخشەی دانانی کتێبی خوێندنی کوردی

## (پۆلی سێیەمی بنەڕەتی)

### وەرزی دووەم

| بابەتەکان | چالاکییەکان | ئامانج |
| --- | --- | --- |
| **یەکەی شەشەم** | **(زمانی گیانداران)** | |
| **پەپولە و هەنگ** | خوێندنەوە - هاوواتاکان - گفتوگۆکردن - گەیاندنی وشە و وێنە - پڕکردنەوەی بۆشایی - بەکارهێنانی جێناوی (ئێمە، ئێوە، ئەوان) - دروستکردنی ڕستە بەهاوکاری وێنە - خۆشنوسی - ڕێنوس - پەندی پێشینان | * هاوڕێیەتی و ئاخافتنی جوان<br>* زانیاری دەربارەی ژیانی پەپولە<br>* زانیاری دەربارەی لانەی گیانداران<br>* زانیاری دەربارەی قەڵای هەولێر<br>**پەند:** مرۆڤ هەر بۆ ڕەسەنی خۆی دەگەڕێتەوە. |
| **مەتەڵ**<br>**(شیعر)** | خوێندنەوە - ڕاڤەکردن — ئەزبەرکردن | * ژیری و بیرکردنەوە<br>* هەستکردن بە جوانی سروشت<br>* وردبوونەوە لە ژیانی باڵندە<br>* ناسینی شیعر و شاعیر |
| **کوللە و مێروولە** | خوێندنەوە - هاوواتاکان - گفتوگۆکردن - دیارکردنی ڕستەی ڕاست و چەوت - دژواتاکان - قەد و چاوگ - بەکارهێنانی وشە لە ڕستەدا- ڕێکخستنی وشە لە ڕستەدا - گێڕانەوەی چیرۆک - خۆشنوسی - ڕێنوس - پەندی پێشینان | * گرنگی کارکردن<br>* سودی پاشەکەوتکردن<br>* سود وەرگرتن لە ئەزمونی خەڵکی تر<br>**پەند:** هیچ ئەندامێکی جەستە بێسود نییە. |
| **یەکەی حەوتەم** | **(سروشت)** | |
| **سەیران** | خوێندنەوە - هاوواتاکان - گفتوگۆکردن - پڕکردنەوەی بۆشایی بە وشە - ڕاستکردنەوەی هەڵە - پڕکردنەوەی بۆشایی بە دەستەواژە - ناسینی هێماکانی کەشوهەوا - ڕیزبەندیکردنی ڕستە - گێڕانەوەی چیرۆک - خۆشنوسی - ڕێنوس - پەندی پێشینان | *بایەخدان بە پاکوخاوێنی ژینگە<br>* زیانی بەکارهێنانی کەلوپەلی پلاستیکی<br>* هەستکردن بە جوانی سروشت<br>* زیاننەگەیاندن بە خەڵکی تر<br>**پەند:** هەمیشە خۆشباوەڕ نەبین |
| **ژینگەی کوردستان**<br>**(شیعر)** | خوێندنەوە - ڕاڤەکردن — ئەزبەرکردن | * هەستکردن بە جوانی ژینگەی کوردستان<br>* بایەخدان بە پاکوخاوێنی ژینگە<br>* ناسینی شیعر و شاعیر |
| **هێشوە ترێ** | خوێندنەوە - هاوواتاکان - گفتوگۆکردن - دروستکردنی وشە لە پیت - زانیاری دەربارەی ترێ - یاری دروستکردنی وشە - کاری ڕانەبردوو و داخوازی - جۆرەکانی ترێ - نوسینی دەقێکی زۆر کورت - خۆشنوسی — ڕێنوس — پەندی پێشینان | * زانیاری دەربارەی ڕووەك<br>* گرنگی هەر بەشێکی ڕووەك<br>* قۆناغەکانی پێگەیشتنیی ترێ<br>* جۆرەکانی ترێ<br>**پەند:** مرۆڤی فێڵباز هەمیشە درۆدەکات. |

| یەکەی هەشتەم | (زانست) | |
|---|---|---|
| **پیسبوونی ئاو** | خوێندنەوە - هاوواتاکان - گفتوگۆکردن - دژواتاکان - گەیاندنی دەستەواژە - ناوی واتایی - یاری دروستکردنی وشە - زانیاری دەربارەی ئاو و گیانلەبەری ئاوی- تەواوکردنی ڕستە - خۆشنوسی - ڕێنوس - پەندی پێشینان | * گرنگی پاکوخاوێنی ئاو<br>* زیانی پیسبوونی ئاو<br>* ڕوبار نیشتمانی ماسییە بۆیە گرنگی پێدەدات.<br>**پەند**: هەمیشە مرۆڤ لە وڵاتی خۆی بە نرخە. |
| **ئاو (شیعر)** | خوێندنەوە - ڕاڤەکردن — ئەزبەرکردن | * مرۆڤ بێ ئاو ناژیت<br>* گرنگی ئاو وەك سەرمایە<br>* ناسینی شیعر و شاعیر |
| **کرمی ئاوریشم** | خوێندنەوە - هاوواتاکان - گفتوگۆکردن - دژواتاکان - ڕاستکردنەوەی هەڵە - دۆزینەوەی وشەی نامۆ لە کێڵگە وشەدا - مەتەڵ - خۆشنوسی - ڕێنوس - پەندی پێشینان | * هەستی خۆشەویستی لەنێوان خێزاندا<br>* ناسینی کرمی ئاوریشم و قۆناغەکانی<br>* سودی دەزوی ئاوریشم<br>**پەند**: شکستەکان بەهۆی مرۆڤی خراپەوە دەبێت. |
| **یەکەی نۆیەم** | **(کۆمەڵایەتی)** | |
| **هەڤاڵێنی** | خوێندنەوە - هاوواتاکان -گفتوگۆکردن - دژواتاکان - پاشگری دووبارەبوونەوە لە کرمانجی سەرو- ناوی هەندێ ئامێری کشتوکاڵ بە هەردوو زاری کرمانجی سەرو و خوارو - واتای وشە پرسەکان - دیارکردنی ڕاستی و چەوتی وێنە - نوسینی ڕستە بەهاوکاری وێنە - خۆشنوسی - ڕێنوس - پەندی پێشینان | * هەڤاڵێنی چییە؟<br>* پێویستە هەڤالی ڕاستەقینە چۆن بێت؟<br>* هەڤالی ڕاستەقینە وەك برا وایە<br>*هۆشیاری لە هەڵبژاردنی برادەران<br>**پەند**: هاوڕێی ڕاستەقینە نابێت بە دوای بەرژەوەندی بگەڕێت. |
| **سۆز (شیعر)** | خوێندنەوە - ڕاڤەکردن — ئەزبەرکردن | * شانازیکردن بە کەسایەتی خۆی<br>* خۆشەویستی یاسا<br>* هەوڵی هێنانەدی هیوا و ئاواتەکانی<br>* ناسینی شیعر و شاعیر |
| **دایکێکی میهرەبان** | خوێندنەوە - هاوواتاکان - گفتوگۆکردن - دەسنیشانکردنی وەڵامی ڕاست - جێناوە سەربەخۆکان لە کرمانجی سەرو- نوسینی ڕستە بەهاوکاری وێنە - ڕێکخستنی وشە لە ڕستەدا - خۆشنوسی - ڕێنوس - پەندی پێشینان | * خۆشەویستی و دڵسۆزی لە خێزاندا<br>* چۆن بەرامبەر بە ئاستنگەکانی ژیان بوەستین<br>* بیرکردنەوە لە دوارۆژدا<br>* گرنگی ڕۆڵی دایباب لە یەکگرتنی خێزاندا<br>**پەند**: ڕەوشتی منداڵ ڕەنگدانەوەی خێزانەکەیەتی |

## ماڵئاوا پۆلی سێ (شیعر)

**فەرهەنگۆک**: بە هەر چوار زاری زمانی کوردی تایبەت بە مامۆستایە.

**ناوەڕۆک**

# زمانی گیانداران

**یەکەم:** پەپولە و هەنگ

**دووەم:** مەتەڵ (شیعر)

**سێیەم:** کوللە و مێروولە؟

# پەپولە و هەنگ



ڕۆژێ لە ڕۆژان هەنگێکی جوان باڵەکانی لێکدەدا و دەفڕی، تەماشای دەوروبەری خۆی دەکرد، پەپولەیەکیش لەسەر چڵی گوڵێك نیشتبووەوە، باڵە شینە جوانەکانی دەبزواند، لێی نزیکبووە و گوتی:

- باڵەکانت چەند جوانن! یارمەتی هەیە، خۆمت پێبناسێنم؟ بەڵێ! فەرموو من هەنگم. لەو کاتەدا پەپولە، کە باڵەکانی جوتکردبوون، بەخۆشحاڵییەوە گوتی:

- منیش پەپولەی باڵ نەخشینم

خاڵە ڕەشەکانی سەر باڵی پەپولەکە سەرنجی هەنگەکەی ڕاکێشابوو، بۆیە بە پەپولەکەی گوت:

- بفرە، تکایە بفرە.



پەپولەکە پرسی:

- پێتخۆشە بڕۆم؟

هەنگەکە خێرا گوتی:

- نەخێر! نا، تەنیا پێمخۆشە لە ئاسمانی شیندا لەکاتی فڕیندا سەیری باڵە جوانەکانت بکەم.

- پەپولەکە دەستی بە فڕین کرد و گوتی:

- ئێستا دڵخۆشیت؟

هەنگەکە وەڵامی دایەوە و گوتی:

- زۆر سپاس، بڵێ بزانم هێلانەی تۆ لە کوێیە؟

- پەپولەکە سوڕێکی خوارد و لەسەر چڵەدارێك نیشتەوە و گوتی:

- هەبوونی هێلانەیەك بۆ من ئاسان نییە، چونکە کاتێك هاتمە ژیانەوە، لە شێوەی کرمێکدا بووم، تەنیا گەڵام دەخوارد، بەڵام ئێستا بوومەتە پەپولە، ژیان بەم جۆرە بۆ من خۆشترە، ناتوانم بەردەوام لەیەك جێگادا بمێنمەوە.

# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان

دەبزواند : دەجولاند

هەنگ: مێشهەنگ

جوتکردبوو: پێکەوە نوساندبوو

نەخشین: ڕەنگاوڕەنگی خاڵدار

دڵخۆشبوو: پێیخۆشبوو

سورێکی خوارد: خولێکی خواردەوە



## گفتوگۆدەکەین.



* هەنگەکە لە کاتی فڕیندا، لە دەوروبەری خۆیدا چی دیت؟
* پەپولەکە لە کوێ نیشتبووەوە؟
* کاتێك هەنگەکە لە پەپولەکە نزیك بووەوە چی پێگوت؟
* کوێی پەپولەکە سەرنجی هەنگەکەی ڕاکێشابوو؟

## بۆشاییەکان بە هەڵبژاردنی وشەی گونجاو پڕدەکەمەوە.

١. پەپولە .................................. جوتکردبوو. (قاچەکانی، باڵەکانی)

٢. .................................. سەر باڵی پەپولەکە سەرنجی هەنگەکەی ڕاکێشابوو.

(خاڵە ڕەشەکانی، خاڵە سەوزەکانی)

٣. پەپولەکە بە هەنگەکەی گوت پێتخۆشە .................................. (نەڕۆم، بڕۆم)

٤. پەپولە دەستی بە..................................کرد و گوتی: ئێستا دڵخۆشیت. (فڕین، ڕۆیشتن)

## وشە و وێنەی گونجاو دەگەیەنم، شوێنی حەوانەوەیان دەنوسم.

| تەواوکەرەکەی | | ڕستە |
|---|---|---|
| ........................................ |  | پەڕەسێلکە |
| ........................................ |  | سمۆرە |
| ........................................ |  | پەپولە |
| ........................................ |  | هەنگ |

## (ئێوە، ئێمە) وەک (ئەوان) دەنوسم.

ئــەوان وەرزش دەکــەن.

ئێوە ....................................................................................

ئێمە ....................................................................................

## گفتوگۆدەکەین، چەند ڕستەیەک بۆ ئەم وێنەیە دەنوسین.



..........................................................................................................................

..........................................................................................................................

..........................................................................................................................

..........................................................................................................................

## خۆشنوسی

هەنگێکی جوان باڵەکانی لێکدەدا و دەفڕی.

هەنگێکی جوان باڵەکانی لێکدەدا و دەفڕی.


## ڕێنوس

پەپولەی نەخشین - ئاسمانی شین - چڵی دار - هەنگی جوان

خاڵەڕەشەکان - چڵەگوڵێك - باڵە جوانەکان - چیرۆکە خۆشەکە

* باڵەکانت چەند جوانن!
* من پەپولەی باڵ نەخشینم.

### پەندی پێشینان:




گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێت.



# مەتەڵ

مەتەڵ بژمێری شەش پیتی جوانە
بیـری لێـکەوە ژێـر بە بیزانە

لەسەر چڵی دار، یا گوێسەبانان
دروستی دەکا هێلانەی جوان جوان

دەمەو بەیانی کە ئەجریوێنێ
گزنگی هەتاولەگەڵ خۆی دێنێ

لەگەڵ شنەبای سپێدەی بەیان
ئەبەخشن سۆز و ئارامی بەگیان

**سەلاحەدین عبدول حەمید**

شاعیر ناوی (سەلاحەدین عبدول حەمید)ە: لەساڵی(١٩٥٤ز) لە کفری لەدایکبووە.

# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان

گوێسەبان : سواندە، پاسار

گزنگ : تیشکی خۆر

شنە با : سروە

سپێدە : بەری بەیان

ئارام : هێمن، لەسەرخۆ



## گفتوگۆدەکەین.



* دەزانیت ئەم مەتەڵە هەڵبێنیت؟
* کام باڵندە دەجریوێنێت؟
* چۆلەکە لە کوێ هێلانە دەکات؟

## نیوەدێڕەکەی تر دەنوسم، ڕاڤەیاندەکەم.

دەمەو بەیانی کە ئەجریوێنی ...........................................................

........................................................... ئەبەخشن سۆز و ئارامی بەگیان

# كولله و مێروله



له ڕۆژێكی هاویندا كوللەیەك گۆرانی دەچڕی، چونكه تێری خواردبوو، هیچ كێشەیەكی نەبوو. بینی وا مێرولەیەك لەژێر باری گرانی دەنكه گەنمێكدا دەنقێنێت، خەریكه بە تەنیشتیدا تێدەپەڕێت. بۆیه بڕیاریدا گفتوگۆی لەگەڵ بكات:

كولله: مێرولەی ئازیز، ئەوە خەریكی چیت؟ وەره با پێكەوە گۆرانی بڵێین، سەیركە، چەند ڕۆژێكی خۆشه!

مێروله: من خەریكم خۆراك بۆ زستان كۆدەكەمەوە، ئامۆژگاریت دەكەم، تۆش وەك من خۆراك بۆ خۆت كۆبكەوە.

كولله: بۆچی هەر لە ئێستاوە خەم لە زستان بخۆم؟ هێشتا كاتمان ماوە، خواردنێكی زۆریشم هەیە.

مێروله: باشه ئارەزوی خۆته.

لە زستاندا كولله خواردنی نەما، خەریكبوو لە برسان بمرێت. بینی وا مێرولەكان



لەنێوان خۆیاندا ئەو دانەوێڵەیە دابەشدەکەن، کە لە هاویندا کۆیانکردبووەوە، بۆیە کوللە بە خەمبارییەوە گوتی:

مێرولە ڕاستی فەرموو، پێویستە ئەمڕۆ، خەم لە سبەی بخۆیت و خۆت نەدەیتە دەست ئایندەیەکی نادیار.

## چالاکی و ڕاهێنان

### هاوواتاکان

کێشە: گرفت

ئامۆژگاری: موچیاری، نەسیحەت

نقاندن: دەنگ دەرهێنان لە ئەنجامی هەڵگرتنی باری گران.

سەرنجدان: دیقەتدان، وردبوونەوە

پێکەوە: بەیەکەوە، پێکڤە

دانەوێڵە: گەنم و جۆ و برنج و گەنمەشامی

خۆراك: خواردن

سبەی: بەیانی



## گفتوگۆدەکەین.



* كوللەكە لە هاويندا سەرقاڵی چی بوو؟
* مێرولە چی هەڵگرتبوو؟
* كوللەكە چی بە مێرولەكە گوت ؟
* مێرولەكان چییان لەنێوان خۆیاندا دابەشدەكرد؟

## نیشانەی(√) یان (×) دادەنێم.

١. كوللەكە بە مێرولەی گوت : سەیركە ، چەند ڕۆژێكی خۆشە ! ☐
٢. مێرولە : من خەریكم خۆراك بۆ هاوین كۆدەكەمەوە . ☐
٣. كوللە گوتی : بۆ زستان خواردنی زۆرم هەیە . ☐
٤. مێرولە گوتی : پێویستە ئەمڕۆ خەم لە سبەی نەخۆیت . ☐

## دژواتاكان دەنوسم.

خاوێن × ..............................

گەرم × ..............................

كورت × ..............................

بەهێز × ..............................

## وەک نموونەی یەکەم دەنووسم.

| | |
|---|---|
| هێنا | هێنان |
| شوشت | .................................................. |
| فڕی | .................................................. |
| نارد | .................................................. |
| چاند | .................................................. |

## بۆ هەر وشەیەک ڕستەیەک دەنووسم.

مێروولە: ..............................................................................................................

کوللە: ..............................................................................................................

دابەشدەکەن: ..............................................................................................................

دانەوێڵە: ..............................................................................................................

هاوین: ..............................................................................................................

## وشە ڕێکدەخەم، ڕستە دەنووسم.

(خواردنی، لە زستاندا، نەما، کوللە)


..............................................................................................................................

(خۆت، دەست، ئایندەی، نادیار، نەدەیتە)

..............................................................................................................................




بیردەکەمەوە، چیرۆکێک بۆ ئەم وێنانە دەگێڕمەوە.









## خۆشنوسی

من خەریکم خۆراك بۆ زستان کۆدەکەمەوە.

من خەریکم خۆراك بۆ زستان کۆدەکەمەوە.

..................................................................................................

..................................................................................................

## رێنوس

- با پێکەوە گۆرانی بڵێین.
- سەیرکە، چەند ڕۆژێکی خۆشە!
- دانەوێڵە لەنێوان خۆیان دابەشدەکەن.

## پەندی پێشینان:




## یەکەی حەوتەم

# سروشت

**یەکەم:** سەیران

**دووەم:** ژینگەی کوردستان(شیعر)

**سێیەم:** هێشوە ترێ



# سەیران



تارا: ئێمە لە نەورۆزدا لەگەڵماڵی پورم چووین بۆ سەیران. زۆر گەڕاین، شوێنێکی پاکوخاوێنمان دەستنەکەوت، هەموو ژێردارەکان و کەناری ڕووبارەکەش، پڕبوون لە پاشماوەی فڕێدراو. بۆیە؛ هەموومان بڕیارماندا ژێردارێکی گەورە لە پاشماوە بەجێماوەکان پاکبکەینەوە. دایکم بەوردی دەستی بە پاککردنەوە کرد، ئێمەش هەموومان هاوکاریمان کرد.

ئارین: زۆرمان پێناخۆش بوو، لەژێر دارەکاندا ئاگریان کردبووەوە و لق و چڵەکانیان شکاندبوو. بۆئەوەی ئەم کارە دووبارە نەبێتەوە، باوکم لەسەر پارچە کارتۆنێك، بە گەورەیی و خەتێکی جوانووسی: (ئەرکی سەرشانی هەموومانە، نیشتمانی خۆمان خۆشبووێت و ژینگەکەی بپارێزین)، پاشان بە لقێکی دارەکەدا هەڵیواسی، ئێمە بۆ سەیران زۆر کەم




قاپ و كەوچكی پلاستیكمان بەكاردەهێنا، چونكە دەمانزانی كە خاك پیسدەكەن، خاكی پیسیش بەروبومەكەی ژەهراوییە و زیان بە تەندروستیی مرۆڤ دەگەیەنێت.

كەژێ: خۆشترین شت بەلای منەوە، سەیركردنی خاڵخاڵۆكە و پەپولەی باڵنەخشین و گوێگرتن لە دەنگی باڵندەكان و خوڕە و هاژەی ئاوی ڕوبارەكە بوو.

پێش گەڕانەوەمان، دەستمان بە كۆكردنەوەی پاشماوەكان كرد و لە جێگای تایبەتی دیاریكراودا دامانناو، بۆئەوەی كارگوزارانی شارەوانی بە ئاسانی هەڵیانبگرنەوە.

تارا: دڵنیام دوای ئێمە، هەر كەسێك بێتە شوێنەكەمان، زۆر ئاسودە دەبێت و دەستخۆشیمان لێدەكات.

# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان

سەیران: گەشت

زیان: زەرەر

کارگوزار: خزمەتگوزار



## گفتوگۆدەکەین.



* مالّی تارا لەگەڵ مالّی کێ چوون بۆ سەیران؟

* کەی جەژنی نەورۆزە و بۆچی ناونراوە (نەورۆز)؟

* ژێردار و کەنار ڕوبارەکان پڕبوون لە چی؟

* باوکی تارا لەسەر کارتۆنێك چی نوسی؟

* لە کوێ هەڵیواسی؟

* بۆچی نابێت زۆر قاپ و کەوچکی پلاستیك بەکاربهێنین؟

* پێش گەڕانەوەیان لە سەیران چییان کرد؟

* تۆ لەگەڵ خانەوادەکەت لە ڕۆژی نەورۆزدا حەزدەکەیت بۆ کوێ بچیت؟

## بۆشاییەکان بە وشەی گونجاو پڕبکەرەوە.

ئەم جەژنانە یاددەکەینەوە: ............................ ............................ ............................

ئەم شارانە لە کوردستانن: ............................ ............................ ............................

ئەم چیایانە لە کوردستانن: ............................ ............................ ............................

ئەم دارانە لە کوردستان دەڕوێن: ............................ ............................ ............................

## هەڵەکان ڕاستدەکەمەوە، دەیانوسمەوە.

١. لە پایزدا دارەکان بە گەڵای دار دادەپۆشرێن. ....................................

٢. بەشی ژێرخاکی ڕووەکی گێزەر ناخورێت. ....................................

٣. زۆر خواردنەوەی شلە گازییەکان سودی هەیە. ....................................

٤. خواردنی بەپەلە زیان بە چاوی مرۆڤ دەگەیەنێت؟ ....................................

## ئەم بۆشاییانە بە دەستەواژەی گونجاو پڕدەکەمەوە.

١. کەوکە ............................................................ دەیخوێند.

٢. ئەستێرەکان ............................................................ دیاردەبن.

٣. هەنار ............................................................ پێدەگات.

٤. چیرۆکەکەم ............................................................ وەرگرت.

## سەرنجدەدەم، هێماکانی باری کەشوهەوا دەنوسم.


١. ................................


٢. ................................


٣. ................................


٤. ................................

## (بەهار) ڕستەکان بە ڕیزبەندییەکی تەواو لە دەفتەرەکەم دەنوسمەوە.

◯ ئێمە لەگەڵ خانەوادەکەمان ڕوو لە سەیرانگاکان دەکەین.

◯ خەڵکی بۆ بەسەربردنی کاتێکی خۆش ڕوو لە سەیرانگاکان دەکەن.

◯ بەهار سەرەتای ژیانەوەی دار و درەختە.


◯ لە بەهاراندا ئاووهەوا خۆشدەبێت و زەوی سەوزدەبێت.

◯ پێویستە هەموومان ئەم ژینگە جوانە بپارێزین.



بیردەکەمەوە، چیرۆکێک بۆ ئەم وێنانە دەگێڕمەوە.









## خۆشنوسی

ئێمە لە نەورۆزدا چووین بۆ سەیران.

ئێمە لە نەورۆزدا چووین بۆ سەیران.

## ڕێنوس

- ئەرکی سەرشانی هەموومانە، نیشتمانی خۆمان خۆشبوویێت و ژینگەکەی بپارێزین.
- خاکی پیس بەروبومەکەی ژەهراوییە و زیان بە تەندروستیی مرۆڤ دەگەیەنێت.

### پەندی پێشینان:



# ژینگەی کوردستان



بە دارستان و باخی
بە باڵندە و گیانداری
ژینگەی ئەم کوردستانە
لەکاتی گەشت و سەیران
کاتێ دەگەڕێمەوە
چاو دەگێڕم لەو ناوە
کۆی دەکەمەوە تەواو
بە هەموو توانا و هێزم

بە کێڵگە و دەشت و شاخی
چەم و کانی و ڕووباری
پاك و دڵگیر و جوانە
چووین بۆ دەشت و سەرکێوان
کە بەرەو ماڵ دێمەوە
چی پاشماوەم جێماوە
دەیبەم بۆ جێگای شیاو
ژینگەکەم دەپارێزم

**ئەمین محمد**

شاعیر ناوی (ئەمین محمد)ە: لە ساڵی (١٩٦٢ز) لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، چیرۆك و بەرهەمی بۆمنداڵان نوسیوە.

# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان

چەم: زێ

دڵگیر: دڵڕفێن، سەرنجڕاکێش

سەرکێوان: سەرچیایان

شیاو: گونجاو



## گفتوگۆدەکەین.




* مەبەست لە ژینگە چییە؟
* خەڵکی بۆ سەیران و گەشت ڕوو لە کوێ دەکەن؟
* بۆچی دەبێت پاشماوەکان لەدوای گەشتەکەمان کۆبکەینەوە؟
* پاراستنی ژینگە ئەرکی کێیە؟
* هیچ کارێکت بۆ پاراستنی ژینگەی خۆت کردووە؟

## نیوەدێڕەکەی تر دەنوسم، ڕاڤەیاندەکەم.

| | |
|---|---|
| بە دارستان و باخی | .................. |
| .................. | پاک و دڵگیر و جوانە |

# هێشوە ترێ



هێشوە ترێیەك، شانازی بە ترمێسك و بۆڵە گەورەکانی خۆی دەکرد. بە دڵخۆشییەوە دەیگوت: من هێشوە ترێیەکی گەورە و تایبەتم، لە هیچ ڕەز و باخێکدا نموونەم نییە.

قەدی دارمێوەکە، گوێی لەم قسانە بوو، گوتی: ئای چەند دڵخۆشم! تۆ بەو جوانییەوە دەبینم؛ بەڵام کاری منت لەبیر نەچێت، کە لە ڕێگای لق و چڵەکانمەوە، بەو بەرزاییەوە، هەڵمگرتوویت و تیشکی خۆر لێتدەدات و ئاو و خۆراکت پێدەگەیەنم.

گەڵاکان گوتیان:

ئێمەش لە گەرمای خۆر دەتپارێزین، تۆ بەهۆی ئێمەوە ئەو تامە خۆشەت هەیە و دەبیتە میوە و خەڵك چێژت لێوەردەگرن، تکایە ڕۆڵ و هاوکاری ئێمەش لەبیرمەکە.

پاش کەمێك بێدەنگی، کۆترێك هاتە لایانەوە و گوتی: ببورن، هەمووتان هەڵەکەی هێشووتان دووبارەکردەوە و تەنیا باسی خۆتان کرد. تکایە گرنگیی ڕەگیش لەبیرمەکەن،



ئەوە ڕەگە ئاو و ماددە کانزاییەکان، لە خاکەوە دەمژێت لە ڕێگای قەدەوە بۆ گەڵاکانی دەنێرێت، دارمێوەکەی بە زەوییەوە چەسپاندوە، تاکو هەمووتان پێکەوە، بەرگەی ڕەشەبا و لافاو و گەردەلول بگرن. هەمووان بەیەك دەنگ گوتیان: ڕاستە دار بەبێ ڕەگ ناژی.

## چالاکی و ڕاهێنان

### هاوواتاکان

| | |
|---|---|
| هێشو: چەند ترمێسکێك- چەند بۆڵێك | گەڵا: پەلك |
| بۆڵ: دەنك | لافاو: لەهی |
| چڵ: لق | گەردەلول: گێژەڵوکە، بابەلیسك |

## گفتوگۆدەکەین.

* هێشوە ترێیەکە چۆن باسی خۆی کرد؟

* لق و چڵەکان داوایانکرد هێشوە ترێیەکە کار و ڕۆڵی ئەوان لەبیرنەکات، کارەکەیان چییە؟

* گەڵاکانیش قسەی خۆیان هەبوو، پێکەوە چییان گوت؟

* قەد دڵی بە قسەی هێشوە ترێیەکە خۆشبوو، بەڵام باسی گرنگی خۆی بۆ هێشوە ترێیەکە کرد، چی گوت؟

* کۆترەکە لە هەموویان زیاتر چی لەلا گرنگ بوو؟

## بەپێی پیتەکان ناوی بەشەکانی دارمێوەکە دەنوسم.

..........................................................

..........................................................


..........................................................

..........................................................

..........................................................

..........................................................

..........................................................



## دەخوێنمەوە، بۆشاییەکان بە وشەی گونجاو تەواودەکەم.



ترێ لە سەرەتاوە پێیدەگوترێت ..............................

دواتـر پێدەگات و دەبێتە .............................. بە

وشکراوەش دەیخۆین و پێیدەگوترێت ..............................

## بەپێی پیتەکان وشەی گونجاو لە چوارگۆشە ڕەنگاوڕەنگەکان دەدۆزمەوە و دەنوسمەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ت | | | |
| ی | | | |
| ش | | | |
| ک | | | |
| ی | | | |
| خ | | | |
| ۆ | | | |
| ر | ت | ۆ | ک |

| | | |
|---|---|---|
| ر | ا | د |
| | | ر |
| | | ە |
| | | خ |
| | | ت |

.............................. .............................. .............................. ..............................

## وەک نمونەی یەکەم دەنوسم

| | | |
|---|---|---|
| خواردم | دەخۆم | بخۆ |
| نوسیم | .............................. | .............................. |
| بردم | .............................. | .............................. |
| بەستم | .............................. | .............................. |

## چەند جۆری ترێ هەیە، گفتوگۆدەکەین، دەنوسین.



ترێی ..............................................................



ترێی ..............................................................



ترێی ..............................................................



ترێی ..............................................................



ترێی ..............................................................

## بیردەکەمەوە، بابەتێکی تر وەک نمونەی یەکەم دەنوسم.

قوتابییەك: پێش دە ڕۆژ گوڵێکم ڕواند، ئێستا گوڵی گرتووە.

هاوڕێکەی: منیش پێش هەفتەیەك گوڵێکم ڕواند.

قوتابییەکە: ئێستا گوڵی گرتووە؟

هاوڕێکەی: نەخێر! وشکبووە!

..............................................................

..............................................................

..............................................................

..............................................................

..............................................................

..............................................................

## خۆشنوسی

ڕاستە، دار بەبێ ڕەگ ناژی.

ڕاستە، دار بەبێ ڕەگ ناژی.

## ڕێنوس

* هێشوە ترێیەك، شانازی بە ترمێسك و بۆڵە گەورەكانی خۆی دەكرد.
* گەڵاكان هێشوە ترێ لە گەرمای خۆر دەپارێزن.

## پەندی پێشینان:



## یەکەی هەشتەم

# زانست

**یەکەم:** پیسبوونی ئاو

**دووەم:** ئاو (شیعر)

**سێیەم:** کرمی ئاوریشم

# پیسبوونی ئاو




ماسییەکی زیوینی زۆر جوان، لە تەنکایی نزیك کەناری ڕووبارێك سێ ماسی تری بینی، سڵاوی لێکردن و زۆر بەوردی سەیری ئاوی ڕووبارەکەی کرد، هەندێك شتی نامۆی تێدا بینی، پاشان پرسی: ئێوە خواردنتان لە کوێ دەستدەکەوێت؟

ماسی یەکەم: لەم جۆگەیەوە، کە دەڕژێتە ناو ڕووبارەکەوە.

ماسی دووەم: لە پاشماوەی خۆراکی مرۆڤەکانەوە کە فڕێی دەدەنە کەنار ڕووبارەکەوە.

ماسی سێیەم: خواردنمان زۆرە، بەڵام بەهۆی خاشاك و پیسی کارگەکان کە فڕێدەدرێنە ئاوەکەوە ژینگەکەمان پیسبووە و بەتەواوی ڕەنگی ئاوەکەشی گۆڕیوە.

ماسییە زیوینەکە: ئەگەر ئاوی ڕووبارەکە پیسبێت، بێگومان مەترسی بۆ سەر ژیانی ئێوەش دەبێت، باشترە بۆ خۆتان بەرەو قووڵایی ئاوەکە بچن.



ماسی یەکەم: ئاو سەرچاوەی ژیانە، نازانم بۆچی پیسیدەکەن؟!

ماسی دووەم: پیسبوونی ئاو ژیانی هەموومان دەخاتە مەترسییەوە.

ماسییە زیوینەکە: ئێمە ماوەیەکە لە قوڵایی ڕووبارەکەدا دەژین، ئاوەکە خاوێنترە، ئێوەش دەتوانن ڕووبکەنە ئەوێ.

هەرسێ ماسییەکە لەدوای ڕاوێژکردن بە پێشنیازەکەی هاوڕێکەیان ڕازیبوون و بەرەو قوڵایی ئاوەکە ڕۆیشتن. لەوێوە ماسییەکان وردە وردە دەوریاندەدان تا بزانن چی بووە! پاش ئەوەی گوێبیستی بەسەرهاتەکەیان بوون، یەکێکیان گوتی:

زۆر سەیرە بۆچی مرۆڤەکان بیر لە زیانی پیسبوونی ئاو ناکەنەوە؟!

ماسییە زیوینیەکەش بەدوایەوە گوتی: دەبووایە بیربکەنەوە، چۆن ئاووهەوای پاك بۆ سەلامەتی ئەوان پێویستە، بەهەمان شێوەش ئاوی پاك بۆ ئێمەی ماسی گرنگە!

ماسییەکان لەگەڵ یەکتردا کەوتنە غەڵبەغەڵب... ڕووبارەکەش بەسۆز و تینەوە بە نەرمە شەپۆڵەکانی بەرەو شوێنە خاوێنەکانی دەبردن.

# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان

کەنار: ڕۆخ، لێوار، قەراخ

پاشماوەی خۆراك: بەرماوە

قوڵایی ئاوەکە: بنی ئاوەکە

دڵخۆش: شاد، ئاسودە

ڕازیبوون: قایلبون

ڕاوێژکردن: ڕاگۆڕینەوە



## گفتوگۆدەکەین.



* ماسییە زیوینییەکە لە ئاوی جۆگەکەدا چی دیت؟
* ئاو کە پیسبوو ڕەنگ و تامی چی لێدێت؟
* پیسبوونی ژینگەی وشکانی و ئاوی، مەترسی بۆ کێ دروستدەکات؟
* سێ ماسییەکە لەدوای چی ڕازیبوون بە پێشنیازی ماسییە زیوینەکە؟
* ڕووبارەکە چۆن هاوکاریکردن؟

## دژواتاكان دەگەیەنم.

| | |
|---|---|
| نامۆ | خواحافیز |
| دەستكەوتن | ناسراو |
| نوێ | لە دەستدان |
| بەخێرهاتن | كۆن |

## دەستەواژەی گونجاو بەیەكتر دەگەیەنم، گفتوگۆدەكەین.

| | |
|---|---|
| ڕووەك | بەهۆی پیسبوونی ژینگە دوچاری نەخۆشی ترسناك دەبێت. |
| مرۆڤ | بەهۆی پیسبوونی ئاوی ڕوبار و دەریاكان لەناودەچن. |
| گیانلەبەری ئاوی | بەهۆی پیسبوونی زەوی وشكدەبێت. |

## وەک نمونەی یەکەم دەنوسم.

وەنەوشە ← وەنەوشەیی


خۆڵەمێش ← ........................................

خەنە ← ........................................

پرتەقاڵ ← ........................................

ئەرخەوان ← ........................................

## یاری وشه، پیتی ناوی گیانلەبەران دەنوسم.




وشەکان دەنوسم: .............................. .............................. ..............................

.............................. ..............................

## گفتوگۆدەکەین، ڕستە تەواودەکەین، دەنوسین.

١. کاتێك ئاو بەشێوەی غاز بێت پێیدەگوترێت ..............................

٢. زەوی پێویستی بە .............................. بۆئەوەی بە دەوری خۆیدا بسوڕێتەوە.

٣. گیانلەبەری .............................. لەناو ئاو و لەسەر وشکایی دەژین.

٤. پەنگوین لە شوێنی .............................. دەژی.

## گفتوگۆدەکەین، وەڵامەکان دەنوسین.



* جۆرەکانی ئاوی سەر زەوی دەنوسم:

................................................................

................................................................



* بۆچی ئاوی دەریا بۆ خواردنەوە دەستنادات؟

................................................................

................................................................

* ناوی گیانلەبەری دەریایی دەنوسم:

................................................................

................................................................











## خۆشنوسی

خواردن و ئاوی پاك مەرجە بۆ تەندروستییەكی باش.

خواردن و ئاوی پاك مەرجە بۆ تەندروستییەكی باش.


.........................................................................................................................

.........................................................................................................................

## ڕێنوس

* ئاو سەرچاوەی ژیانە.
* پیسبوونی ئاو ژیانی هەموومان دەخاتە مەترسییەوە.

## پەندی پێشینان:



کانییەک ئاوت لێخواردەوە،
بەردی تێماوێ.

# ئاو

ئاو سەرچاوەی ژیانە
دیاری جوانی یەزدانە
نابێت بەفیڕۆی بدەین
بۆ ئەوەی وڵات پێشخەین
خاک و ئاوی نیشتمان
سەرمایەیە بۆ هەموان



**کامل محمد علی فرج**

شاعیر ناوی (کامل محمد علی فرج)ە : لە ساڵی (١٩٧١ز) لە پارێزگای کەرکوک لە دایکبووە، کتێبێکی بە ناوی (شیعری زیندان لە ئەدەبی کوردیدا) نوسیوە.

# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان

یەزدان: خودا

بەفیڕۆ: بەخۆڕایی، بەهەدەر

سەرمایە: دەسمایە

هەموان: گشت

داهات: دەرامەت



## گفتوگۆدەکەین.



* بۆچی ئاو گرنگە، سەرچاوەی چییە؟

* سودەکانی ئاو بژمێرە؟

* بۆچی نابێت ئاو بەفیڕۆبدەین؟

* ئاو سەرمایەیە بۆ هەموان، تۆ چۆن دەیپارێزیت؟

## نیوەدێڕەکەی تر دەنوسم، ڕاڤەیاندەکەم.

.................. خـاکـ و ئـاوی نیشتمان

دیـاری جوانی یـەزدانە ..................

# کرمی ئاوریشم



ڕاسان لەگەڵ هاوڕێکانی دانیشتبوو، باسی گەڕانەوەی باوکی لە وڵاتی چین دەکرد:

ڕۆژی هەینی باوکم لە وڵاتی چین گەڕایەوە، هەموومان زۆر خۆشحاڵ بووین، بۆ هەر یەکێکمان دیارییەکی بەنرخی هێنابوو. بۆ من کامێرایەکی زۆر پێشکەوتوو، چونکە باوکم دەیزانی من حەز لە وێنەگرتن دەکەم. بۆ سانای خوشکیشم ئایپادێکی باشی هێنابوو.

دیارییەکەی دایکم پارچە قوماشێکی گوڵداری زۆر جوانبوو، کە قوماشەکەی دایە دەست دایکم و گوتی: ئەم قوماشە نرخی زۆر گرانە، چونکە لە ئاوریشمی سروشتی دروستکراوە.

منیش لە باوکم پرسی: ئاوریشمی سروشتی چۆن دروست دەکرێت؟

باوکم گوتی: دەزوەکەی بەرهەمی کرمێکە، ناوی کرمی ئاوریشمە.

لەبەرئەوەی باوکم لە دورەوە هاتبووەوە، نەمویست لەوە زیاتر ماندوی بکەم، بۆ ڕۆژی دواتر بە هاوکاری مامۆستای زانست لە کتێبخانەی قوتابخانەدا نامیلکەیەکم لەبارەی کرمی ئاوریشمەوە وەرگرت. زانیم زێدی سەرەکیی کرمی ئاوریشم وڵاتی چین و هیندستان و ئێرانە. ژیانی ئەم کرمە بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕێت (گەرا، کرم، قۆزاخە، پەپولە) کاتێك لە قۆناغی قۆزاخەدایە ئاوریشم دروستدەکات. هەروەها زانیم لەبەر توندوتۆڵی تاڵی ئاوریشم بۆ دورینەوە لەبواری پزیشکیدا بەکاردێت.



# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان

| | |
|---|---|
| گەڕایەوە: | هاتەوە |
| بەنرخە: | گرانە |
| قوماش: | کوتاڵ |
| نامیلکە: | کتێبی بچوک، سیپارە |
| تاڵ: | دەزو، داو |



## گفتوگۆدەکەین.



* باوکی ڕاسان لە کوێ گەڕایەوە؟

* چی بەدیاری بۆ ڕاسان و سانا و دایکیان هێنابوو؟

* ئاوریشمی سروشتی چۆن بەرهەمدێت؟

* ڕاسان بەهاوکاری کێ نامیلکەیەکی لەبارەی کرمی ئاوریشمەوە وەرگرت و لە کوێ وەریگرت؟

* ئەو قۆناغانە بژمێرە کە کرمی ئاوریشمی پێیدا تێپەڕ دەبێت؟ لە کام قۆناغ ئاوریشم بەرهەمدێنن.

## دژواتاكان لە شوێنی گونجاو دەنوسم.

(دواكەوتوو، هەرزان، هەڵوەشاندنەوە، لاوەكی)

پێشكەوتوو × ..........................

دورینەوە × ..........................

گران × ..........................

سەرەكی × ..........................

## وشەی هەڵە ڕاستدەكەمەوە، ڕستەكە دەنوسمەوە.

١. باوكم لە وڵاتی میسر گەڕایەوە.

..........................................................................................

٢. دیارییەكەی سانای خوشكم كامێرایەك بوو.

..........................................................................................

٣. ڕۆژی دواتر بە هاوكاری مامۆستای بیركاری لە كتێبخانە نامیلكەیەكم وەرگرت.

..........................................................................................

٤. لەبەرئەوەی دەزوی ئاوریشم توندوتۆڵە لەبواری بەرگدورین بەكاردێت.

..........................................................................................

٥. زێدی سەرەكی كرمی ئاوریشم وڵاتی چین و ئەمریكا و ئێرانە.

..........................................................................................

## وشەی نامۆ لە هەر لاکێشەیەک دەدۆزمەوە، دەنووسم.

| | |
|---|---|
| دووشەممە<br>سێشەممە<br>ڕەشەمێ<br>شەممە | ........................ |
| چاو<br>گوێ<br>دەم<br>تۆپ | ........................ |
| لیمۆ<br>نیسك<br>سێو<br>مۆز | ........................ |

## مەتەڵ هەڵدێنم و دەنووسم.

١. تا لێی نەدەیت دەنگی نایەت. ............................................

٢. شتی دورم بۆ نزیکدەکاتەوە. ............................................

٣. دەڕوات پێی نییە، دەخورێت تامی نییە، دەرژێت بۆنی نییە.

............................................

٤. بێ قاچ و باڵە هەر کات بمرێ گۆشتی حەڵاڵە. ............................................

٥. لەدایك دەبێت کلکی هەیە لاقی نییە، گەورە بوو لاقی هەیە کلکی نییە.

............................................

## خۆشنوسی

دەزوی ئاوریشم بۆ دورینەوە لەبواری پزیشکیدا بەکاردێت.

دەزوی ئاوریشم بۆ دورینەوە لەبواری پزیشکیدا بەکاردێت.

## ڕێنوس

وڵاتی چین - ڕۆژی هەینی - ئاوریشمی سروشتی - قوماشی بەنرخ

* باوکم ئایپادێکی باشی بۆ ساناى خوشکم هێنابوو.

* ژیانی کرمی ئاوریشم بە چوار قۆناغدا تێدەپەڕێت.

## پەندی پێشینان:




يەکەی نۆیەم

# کۆمەڵایەتی

**یەکەم:** هەڤالینی

**دووەم:** سۆز (شیعر)

**سێیەم:** دایکێکی میهرەبان



# هەڤالینی



هەڤالینی ئەو پەیوەندیا ب هێز و موکومە، یا دناڤبەرا دوو کەسان ل سەر بنەمایێ ڤیان و ڕاستگۆییێ و نیەتەکا باش دهێتە ئاڤاکرن.

ل دەمێ چوونا شیرین و ڕامینی بۆ قوتابخانێ هزرەك بۆ شیرینێ چێبوو! بێهنا خۆ هەڵکێشا و گوتە ڕامینی: (دبیت مرۆڤی برایەك هەبیت کو نە ژ دەیکا مروڤی بیت؟)

ڕامینی ب گرنژین ڤە گوت: بەلێ وەکی من و تە.

شیرین: چاوا؟

ڕامین: ئەز و تو، دوو کەسین هەڤالین، ئەز بوتە وەك برامە و نە ژ دایکە کێینە.

هەر جڤاکەکێ پەیوەندییێن باش ل دەڤ هەبن و هەڤالینیەکا چاك دناڤبەرا ئەندامێن وێدا هەبیت، دێ جڤاکەکا ئێکگرتی و کەیف خۆشبیت و چ ڕویدان وی ناهەژینن و دێ شێت خۆ ل بەرهەمی ئاستەنگان ژی بگریت ئێکگرتی بیت.



شیرین: هەڤالینیا مە یا موکومە؟

ڕامین: هەڤالینیا دروست ئەوە، کو مروڤی چ مەرەم و بەرژەوەندی ب وێ هەڤالینیێ نەبیت. ژ بەرکو گەهشتە ئارمانجێ خۆ ئیدی خو ل مروڤی ناکەتە خودان و ل تەنگاڤیاندا ژی دهەوارا مروڤی ناهێت.

هەروەکی دبێژن: هەڤال، گەلەکن لێ یێن ڕاست و دروستدکەن ئەو کەسن یێن ل تەنگاڤیان دیاردبن و خو ل هەڤالێن خو دکەنە خودان و ل خوشی و نەخۆشیان دێ دگەل یەك بن.

هەڤالێن تەنگاڤیان د کێمن بەلێ یێن بەر فرەهیان گەلەکن.

شیرین: ئانکو باشترین کەس ئەوە یێ ل هەلبژارتنا هەڤالێن خۆ هشیاربیت. بلا مرۆڤ یێ دل فرەهـ بیت دویر ژ کەرب و کینێ خو ب پارێزیت

# چالاكی و ڕاهێنان

## هاوواتاكان

| | |
|---|---|
| موکم: قەیم | ئاستەنگ: بەربەست |
| هزر: بیر | مەرەم: مەبەست |
| گرنژین: زەردەخەنە | |



## گفتوگۆدەكەین.



* هەڤالینی چییە؟
* هەڤالینیا ڕاست دڤێت یا چەوا بیت؟
* کەنگی هەڤالینی باش دیاردبیت؟
* ئەم چەوا هەڤالێن خۆ دیٚ هەلبژێرین؟
* ئەریٚ چ هەڤالان هاریکاریا تە کریە؟
* هەڤال دبیتە برا، یان خوشك بوتە؟

## دژواتاكان

| | | |
|---|---|---|
| موکم | × | سست و خاڤ |
| چاك | × | خراب |
| تەنگاڤی | × | بەرفرەهی |
| کەرب و کین | × | ڤیان و حەژێکرن |
| گرنژین | × | تنگژین |
| ڕاستگۆ | × | درەوین |

## بە کرمانجیی سەروو دەنوسم.

بنوسەوە ..................................

بخوێنەوە ..................................

بهێنەوە ..................................

بکەوە ..................................

## ناوی ئەو ئامێرانە بە کرمانجیی سەروو و ناوەڕاست دەنوسم.



..................................
..................................



..................................
..................................



..................................
..................................



..................................
..................................

## وشە بەمەبەستی پرسکردنەکەی دەگەیەنم.

| | |
|---|---|
| کەی - کەنگی | بۆ پرسکردن لە شوێن |
| چەند - جقاس | بۆ پرسکردن لە چۆنییەتی ڕوداو |
| کوێ - کیڤە | بۆ دەستنیشانکردن یان هەڵبژاردنی شتێك |
| چ - چی | بۆ پرسکردن لە کات |
| چۆن - چەوا | بۆ پرسکردن لە کەس |
| کام - کیژ | بۆ پرسکردن لە ژمارە |
| کێ - کی | بۆ پرسکردن لە شت |

### گفتوگۆ دەکەین، کام لەم کارانە باشن نیشانەی (√)ی لە بەرامبەر دادەنێین.







### گفتوگۆ دەکەین  و چەند ڕستەیەک بۆ ئەم وێنەیە دەنوسین.

**ئامێدی**



## خۆشنوسی

هەڤالێن باش ل تەنگاڤیان دیاردبن.

هەڤالێن باش ل تەنگاڤیان دیاردبن.

## رێنوسی

ب گرنژینڤە - بێهنا خۆ هەلکێشا - جڤاکەکێ ئێککگرتی و کەیفخۆش

* باشترین کەس ئەوە یێ کو ل هەلبژارتنا هەڤالێن خۆ یێ هشیاربیت.

* بلا مرۆڤێ دلفرەھ بیت دویر ژ کەرب و کینێ هەڤالینیا خۆ ب پاریزیت.

## پەندی پێشینان:



# سۆز

ئـەز زارۆكـم گـوهـدارم    خـودان هـزر و هشيـارم
ژ دايـك و بابەك هێژا    پـەروەردە بووم ب ياسا
ژيـــان و دەم دبـــۆرن    من هيڤى و ئومێد زۆرن
سـۆزێ ددەم بۆ هـەردەم    ل هەر چاخ و هەر سەردەم
ب ئـالايـێ زانينـێ    دێ رۆهن كەم ڤێ ژينێ




**پەروين محسن عبدالرحيم**

شاعير ناوى (پەروين محسن عبدالرحيم)ە: خەڵكى گوندى بلێيە لە قەزاى مێرگەسۆر- لە هەولێر ساڵى (١٩٨٣ز) لەدايكبووە، لە پارێزگاى دهۆك مامۆستايە.

# چالاكی و ڕاهێنان

## هاوواتاكان

- زارۆك: منداڵ
- گوهدار: گوێڕایەڵ
- هیڤی: هیوا، ئاوات
- چاخ: سەردەم
- ڕۆهن كەم: ڕوناكدەكەم



## گفتوگۆدەكەین.



* یەكەم جار لە كێ فێری یاسا دەبین؟
* چۆن بە یاسا ژیانمان ڕێكوپێكتر دەكەین؟
* هیواو ئاواتت چییە لە ژیان؟
* چۆن دەتوانیت لەم تەمەنەدا خزمەتی نیشتمانەكەت بكەیت؟

## نیوەدێڕەكەی تر دەنوسم، ڕاڤەیاندەكەم

دێ ڕۆهـن كـەم ڤێ ژینێ ..................

.................. ژیـــان و دەم دبـــۆڕن

# دایکێکی میهرەبان



لەنێو ماڵێکی بچوکدا، تەنیا دایبابێك، لەگەڵ هەردوو منداڵەکەیان (شکۆ) و (ڕۆزا) دەژیان.

لەدوای لەدایکبوونی ڕۆزا تەنها بە دوو مانگ، باوکیان بەهۆی ڕووداوێکەوە توشی نەخۆشییەك بوو، نەیدەتوانی کاربکات و منداڵەکانی بەخێوبکات.

بەیانیان، کاتێك تیشکی خۆر بەناو شوشەی پەنجەرەی ژوری خەوتنیاندا تێدەپەڕی، شکۆ و ڕۆزا بەئاگادەهاتن، بە خەندەوە بەرەو ئامێزی دایبابیان دەڕۆیشتن.

پێکەوە بە دەنگێکی نەرم و لەسەرخۆ دەیان گوت: (بەیانیت باش دایە گیان، بەیانی باش بابە گیان)، بەم دەستەواژەیە ڕۆژەکەیان دەستپێدەکرد.

دایکیان، بە کاری بەرگ دورین ڕۆڵەکانی پەروەردە دەکرد، بە دڵێکی بێگەرد و پڕ هیوا نەخشەی ژیانێکی خۆشی بۆ داهاتوویان دەکێشا.



شکۆ، لە ئاوەدانکردنەوەی کوردستان توانایەکی زۆری هەبوو، چونکە ئەندازیارێکی لێهاتوو و چەلەنگ بوو.

ڕۆزەش، وەك ماموستایەکی بەتوانا و زیرەك منداڵانی فێری زمان و کەلتور و سرودی نیشتمانی دەکرد. هەردووکیان لەپێشخستنی گەل و وڵات ڕۆڵیان دەگێڕا.

دایکیشیان، سەرباری ئەرکی دایکایەتی ڕۆڵی باوکیشی بۆ منداڵەکانی دەبینی و نمونەی دایکێکی میهرەبان بوو، ڕازی نەبوو بەهۆی نەداری دەستبەرداری دوارۆژی ڕۆڵەکانی ببێت، بەڵکو هەوڵیدەدا، تا بتوانێت بە هەر ڕێگایەك بێت بژێوی ژیانیان بۆ دابینبکات و لە خوێندن و زانین بێبەشیان نەکات، لە هەمان کاتیشدا چاودێری باوکی منداڵەکانی بکات.

# چالاکی و ڕاهێنان

## هاوواتاکان

بەیانی باش: سپێدە باش

دوارۆژ: پاشەڕۆژ، ئایندە

میهرەبان: دلۆڤان، بەبەزەیی

خەندە: بزە، گرنژین

نەداری: هەژاری



## گفتوگۆدەکەین.



* خێزانی شکۆ و ڕۆزا لە چەند کەس پێکهاتبوون؟
* باوکیان چی بەسەرهاتبوو؟
* کێ هەمیشە خەمخۆری ماڵەکەیان بوو؟
* شکۆ و ڕۆزا لەدوا ڕۆژدا بوون بەچی؟
* بۆچی دایکیان شایانی ئەوەیە پێی بگوترێت (دایکێکی میهرەبان)؟

## وەڵامی ڕاست دەوردەدەم.

١. لەناو خێزانی بچوکەکەدا کێ توشی ڕووداو ببوو؟

دایك - باوك - کوڕ - کچ

٢. ناونیشانی بابەتەکە چییە؟

سپێدەباش - ڕۆزا و شکۆ - دایکێکی میهرەبان - بژێوی ژیان

٣. ڕۆزا بە چ کارێك ڕۆڵی خۆی بە سەرکەوتوویی لە ژیاندا دیت؟

مامۆستا - ئەندازیار - دایکایەتی - هەڤاڵ

## وەک نموونەی یەکەم دەنووسم.

ئەز چووم
ئەم چووین

تو...............................
هوین...............................

ئەو...............................
ئەو...............................

## گفتوگۆدەکەین، ڕستە دەنووسین.

### دایک



..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

..........................................................................................

## وشە ڕێکدەخەم، ڕستە دەنووسم.

* (دایبابیان، دەڕۆیشتن، بەدەم خەندەوە، ئامێزی، بەرەو، هەردووکیان)

..........................................................................................

* (لەپێشخستنی، هەردووکیان، گەل، ڕۆڵیان دەگێڕا، و، وڵات)

..........................................................................................

## خۆشنوسی

دایك، رازی نەبوو بە هۆی نەداری دەستبەرداری دوارۆژی ڕۆڵەكانی ببێت.

دایك، رازی نەبوو بە هۆی نەداری دەستبەرداری دوارۆژی ڕۆڵەكانی ببێت.

## ڕێنوس

* باوكیان بەهۆی ڕوداوێكەوە توشی نەخۆشییەك بوو.
* دایكیشیان بە داهاتووی منداڵەكانی نمونەی دایكێكی میهرەبانی دەنواند.
* ڕۆژەش، وەك مامۆستایەكی بەتوانا و زیرەك منداڵانی فێری زمان و كەلتور و سرودی نیشتمانی دەكرد.

## پەندی پێشینان:



# ماڵئاوا پۆلی سێ

ماڵئاوا ئەی پۆلی سێ    فێربووین ڕەوشتی بەجێ
دێین و دەچین دوو وەرزە    ئاکارمان جوان و بەرزە
کتێب و پۆل و هاوڕێ    پێویستن وەك چاو و گوێ
مامۆستا بیری جوانە    ڕۆشنکەری ڕێمانە
گەیشتینە کۆتایی ساڵ    ئەنجام وەردەگرین خۆشحاڵ




**حسین علی محمد**

شاعیر ناوی (حسین علی محمد)ە لە ساڵی (١٩٧٦ز) لە کەلار لە دایکبووە سەرپەرشتیاری زمانی کوردییە.

# فەرهەنگۆک

| ک. ن | ک.س | گ | ک.خ |
|---|---|---|---|
| سوڕێکی خوارد | گەڕیان | سوڕیش وارد | گرێکی خوارد |
| چڵ | چەق | چڵ | چڵ |
| مەتەڵ | مامك،کشتك | مەتەڵ | چەوچە |
| گوێسەبان | سڤانده | پاسار | پاسار |
| ئەجریوێنیێ | چەوچەو ، جریوچریو | جریوبۆ | جویکەیگ |
| گزنگ | زەراق | لیشکی | تیشك |
| دەنقینێت | عنت   عنت | نقەنقش میێ | نقینگ |
| دانەوێڵە | دان | دان | دان |
| پور | مەت ،خالەت | مەتیبە | میمك |
| کەنار | کنار | قەراخ | کنار |
| خوڕە | شڕشڕ | خوڕە | خوڕە |
| مکوم | مکوم | پتەو | مەحکەم |
| هزر | بیر،خەیاڵ | ویر | ویر |
| گرنژین | گرنژین | بزە | خەنە |
| جڤاك | جڤاك | کۆمەڵ | کۆمەڵ |
| ئاستەنگ | ئاستەنگ | عەرقەلە | عەرقەلە |
| مەرەم | مەرەم | مەبەست | قەسد |
| کەرب | کەرب | قینی | قین،قار |
| گوهدار | گوهدار | گۆشدار | گوشگر |
| دبورن | دبۆرن | وێرا | ڕەدبوود |
| زارۆك | زارۆ | زاروڵە (زاوڵە) | مناڵ |
| میهرەبان | میهرەبان | بەڕەحم | بەزەیی |
| ئامێز | همیز | باوشی | باوش |
| بزاڤ | بزاڤ | جووڵە | جولیان |
| نەداری | دەستەنگی | نەبییەی | نەداری |
| بژێوی | ژیاری | ژیواری | بژی و ژیان |
| کارگوزار | خزمەتکار | خزمەتکار | کارگوزار |
| ئاسودە | تەناهی | دڵوەش | ئاسود |
| کێو | چیا | کەش | کۆویە |
| شیاو | لیێ | گونجیو، گونجیا | پۆریا |
| چەم | چەم | دەرە | چەم |
| خۆر | ڕۆژ | وەر | خوەر |
| چێژ | تام | تام | تام |
| چەسپاندوە | بنەجە کریا | چەسپنانش | چەسپایە |
| نامۆ | بیانی | بێگانە | غەریب |
| خاشاك | چەقلت | خاشاك | چیلك |
| غەڵبەغەڵب | دەنگ و دۆر | غەڵبەغەڵب | دەنگە دەنگ |
| یەزدان | خودێ | خوا | خودا |
| قوماش | پاتە، پەروك | قوماش | پەڕووی |
| دەزو | دەزی | بەکرە | مەچیر |
| زێد | جهی بوونی | ماوا | زای گا |

# ناوەڕۆک


نەخشەی دانانی کتێبی خوێندنی کوردی ............ ٥

## یەکەی شەشەم

زمانی گیانداران ................ ٧



**یەکەم:** پەپولە و هەنگ ............... ٨

**دووەم:** مەتەڵ (شیعر) ............... ١٣

**سێیەم:** کوللە و مێروولە؟ ............... ١٥

## یەکەی حەوتەم

سروشت ................. ٢١



**یەکەم:** سەیران ............... ٢٢

**دووەم:** ژینگەی کوردستان(شیعر) ................ ٢٩

**سێیەم:** هێشوە ترێ ................. ٣١

# ناوەڕۆک

## یەکەی هەشتەم


زانست ................ ٧

یەکەم: پیسبوونی ئاو ................ ٣٨

دووەم: ئاو (شیعر) ................ ٤٥

سێیەم: کرمی ئاوریشم ................ ٤٧




## یەکەی نۆیەم


کۆمەڵایەتی ................ ٥٣

یەکەم: هەڤالینی ................ ٥٤

دووەم: سۆز (شیعر) ................ ٦٠

سێیەم: دایکێکی میهرەبان ................ ٦٢

فەرهەنگۆک: ................ ٦٨




# ئاو ئایندەیە بەفیڕۆی نادەم.

